عەبدوڵڵا سەمەدی

# تارمایی

لە دوور، لە بەرزاییی لووتکەی کوێستان، تارمایی تاوڵێکی سپیم بەدیدەکرد. دەتگوت دەبزوێ، سەما دەکا، سەمای لە گوێن تێن، کە بە پێچ ودەور هەڵدەکشێ. بێوەی بە هیچ بزانم، لەخۆوە پێم وابوو تاوڵی تۆیە.

ببوە ئامانج. ڕوو وەو تاوڵ هەڵدەهاتم. هەودایەك لە چاوەکانمڕا تا گوڵمێخەکانی دەور و بەری کشابوو. لە هەورازان لە بەر چاوم دادەکشا و لە گۆمێکی مژدا نوقم دەبوو و لە لێژان هەڵدەکشا و لە هەورەکاندا دەتوایەوە. چەند کەویە بەفر و گابەردم لێکردبووە نیشانە و وەك ئاو قورس و قایم، وەك با نەرم وسووك، وەك دەنگ شەپۆلاوشەپۆل دەهاتم.

خورجینێکی زل، بەڵام سووك لە ئاواتەکانم بە کۆڵمەوە بوو و ئاڵقەیەکی زێوین و ورشەدار لە خەیاڵەکانم بە دەوری سەرمەوە.

بەر لەوەی بیگەمێ گەلێکی تێدا دانیشتم. حەسامەوە و تێیدا نوستم. شەکەت نەبووم تا شەکەتی دەرکەم. تەنانەت خەونی زێڕینیشم تێدادیت. دوایین هەوراز کە سەرکەوتم، من و تاوڵ. دونداودوند کەوتبووین. کەچی شوێنێك لە تاوڵ دیار نەبوو!

هەتڵە نەبووم، ڕێگە هەو بوو هاتبووم. کەویە بەفر و گابەردەکانم لێدیار بوون. لە جێی تاوڵ، پنچکێك دڕوو، بە کزەبایەکی ساردی کوێستان ڕادەوەشا!

ئاڵقەی زێوین بووبە پەڵەیەك دووکەڵی چڵکن و هێدیهێدی لێك دەترازا و هەڵدەوەشا! خورجینم وەکوو کڵۆیەك سەهۆڵ دەتوایەوە و بە پشتمدا دەچۆڕایەوە و بەرپێی دەزەلاندم. ئەژنۆم سست بوو، پێم تلاسا و لە دوایین لێژ خزیمە خوار.

لە گۆڕیچەی تەنگی دۆڵا لە سەر تەنیشت چاوم بڕیبوە بەردەڵانی دوایین هەوراز و پنچکێك دڕوو. لە پشت دوندا پەڵەپەڵە هەوری چڵکن دەخوشینە سەر زاری دۆڵ و سەری گۆڕیچەیان دەتەنی.